بەڕێوەبەرایەتی نەوت و کانزاکانی سلێمانی روونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە

بەڕێوەبەرایەتی نەوت و کانزاکانی سلێمانی سەربە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان، لەسەر دا بەشکردنی نەوتی سپی لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارە سەربەخۆکانی گەرمیان و راپەڕین روونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە.

لە روونکردنەوەکەدا هاتووە، دوای رەزامەندی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بە دا بینکردنی بڕی 100 و پێنج ملیۆن لیتر نەوتی سپی بۆ پارێزگارکانی سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارە سەربەخۆکانی گەرمیان و راپەڕین، لە سەرەتای ئەم مانگەوە دەستکرا بە عەمبارکردنی نەوتی هاتوو لە کۆگای سووتەمەنی عەربەت. ئاماژە بەوەشدراوە، لە رێکەوتی 9ـی 10ـی 2023 دەستکرا بە دا بەشکردنی نەوتەکە لە ناوچە شاخاوییەکان و ئەو شوێنانەی ساڵی رابردوو تەواونەکرابوون.

بەڕێوەبەرایەتی نەوت و کانزاکانی سلێمانی رایگەیاند، تا ئێستا بڕی پێنج ملیۆن و 789 هەزار لیتر بەسەر 28 هەزار و 945 خێزاندا لە سنووری قەزای پێنجوێن و ناحیەکانی لەگەڵ قەزای سەیدسادق و ناحیەکانی و هەردوو ئیدارەی سەربەخۆی راپەڕین و گەرمیان دا بەشکراوە.

لە روونکردنەوەکەدا هاتووە، کە پرۆسەی دا بەشکردنی نەوتی سپی بەردەوامە و لە ئایندەیەکی نزیکدا شاری سلێمانی و دەوروبەریشی دەگرێتەوە.

بەڕێوەبەرایەتی نەوت و کانزاکانی سلێمانی باسی لەوەکرد، هەوڵێکی زۆریان داوە لەگەڵ وەزارەتی نەوتی عێراق بۆ دابینکردنی بەشە نەوتی پارێزگای سلێمانی وەک سەرجەم پارێزگاکانی دیکەی عێراق، لەو رووشەوە پێش هاتنی وەرزی سەرما گفتوگۆ لەگەڵ حەیان عەبدولغەنی، وەزیری نەوتی عێراق کراوە. جەختی کردەوە لەوەی، "پێویست ناکات هیچ لایەن و فراکسیۆنێکی پەرلەمانی موزایەدە لەسەر دابینکردنی نەوتی هاووڵاتییان بکات لە سنووری پارێزگای سلێمانی".